# ئەگەر یەکێکتان باوێشکی هات ئەوا با دەستی لەسەر دەمی دابنێت، چونکە شەیتان دەچێتە دەمیەوە

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر یەکێکتان باوێشکی هات ئەوا با دەستی لەسەر دەمی دابنێت، چونکە شەیتان دەچێتە دەمیەوە».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕێنمونی دەکات بە دانانی دەست لەسەر دەم وداخستنی دەرھەق بە ئەو کەسەی کە باوێشك دەدات ودەمی دەکاتەوە بەھۆی تەمەڵی یان ھەر ھۆکارێکی تر، چونکە ئەگەر وا نەکات ئەوا بە کراوەیی دەمێنێتەوە وشەیتان دەچێتە ژوورەوە، بۆیە دانانی دەست لەسەر دەم دەبێتە ڕێگر لە چوونە ژوورەوەی شەیتان بۆ نێو لاشە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5280